بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ١٥ ) ساڵی ٢٠٠٩

**یاسای ژمارە ( ٩ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسایی هەموارکردنی یەکەمی یاسای پەسندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان**

**ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ٢٠٠٨**

**بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٠) لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

**یاسای ژمارە ( ٩ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسایی هەموارکردنی یەکەمی یاسای پەسندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان**

**ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ٢٠٠٨**

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی شەشەم لەیاساکەدا هەموار دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم:** پرۆژەی دەستوور دەخرێتە بەر ڕاپرسی گشتی و دووای پەسندکردنی لە پەرلەمان لای کەم بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانیەوە.

**دووەم:** پرۆسەی ڕاپرسی گشتی لەسەر پڕۆژەی دەستور لە رۆژی شەممە ریکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەنجام دەدرێت بە دەنگدانێکی نهێنی ڕاستەوخۆ و سەرتاسەری.

**سێیەم:** ڕاپرسی بە ڕادەربڕین دەبێ لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

{ئایا تۆ ڕەزامەندیت لەسەر پڕۆژەی دەستورکە؟ وەڵامەکەشی بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت}

**ماددەی دووەم:**

ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ژمارەیەکی بەرچاو لە پرۆژەی دەستوری پەسندکراو لە پەرلەمان بە زمانەکانی (کوردی، عارەبی، تورکمانی و سریانی)چاپ دەکرێ بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەستی گەل لە ڕاپرسیەکی گشتی دا.

**ماددەی سێیەم:**

برگەی دووەم لە ماددەی هەشتەم هەمواردەکرێت بە زیادکردنی ئەم دەربڕینەی خوارەوە لە کۆتایی بڕگەکەدا:

(بۆی هەیە سەبارەت بەوە پەیرەوی پێویست بەپێی ئەم یاسایە دەربکات)

**ماددەی چوارەم:** دەبێتە ماددەی هەشتەمی (دووبارە)

پرۆژەی دەستورەکە بە پەسندکراو دەژمێردرێت بە بەدەستهینانی دەنگی زۆرینەی دەنگدەران لە ڕاپرسیەکی گشتیداو بەکارپێکراویش دادەنرێت دووای تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ بەسەر ڕاپرسیەکەدا.

**ماددەی پێنجەم:** دەبێتە ماددەی نۆیەمی (دووبارە)

ئەو کەسەی شیاوی دەنگدانی هەیە بۆ ڕاپرسی سەر پڕۆژەی دەستورەکە دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

١- دەبێ عێراقی ولە هاولاتیانی هەرێمی کوردستان بێ وە هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت.

٢- دەبێ ناوی لە تۆمارگەی دەنگدەراندا تۆمارکرابێت.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلأودەکرێتەوە.

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان . عێراق

هەولێر

٢٢ی حوزەیران/٢٠٠٩ی زاینی

٢٩ی جەمادی الثاني /١٤٣٠ی کۆچی

١ی پوشپەڕ/٢٧٠٩ی کوردی